# ناساندنی هەندێ لە بابەتەکانی ئەم ژمارەیە

# This issue in brief

## چەند سەرنجێک لە بارەی سۆسیۆلۆژیای هەڵبژاردنەوە

ن: موسلّح ئیروانی

نووسەر لەسەرەتای وتارەکەیدا هەڵبژاردن بە(دیاردە کردەیەکی کۆمەڵایەتی) دەداتە قەڵەم و پێی وایە پێویستە بەمتیۆدی سۆسیۆلۆژی لەو دیاردەیە بکۆڵرێتەوە هەروەها کۆمەڵێ پرسیاری لەو بارەیەوە وروژاندووە... ئەو هۆکارانەی رۆڵیان نەبووە لە هەڵبژارنەکانی کوردستان و ئەو هۆکارانەش کە رۆڵیان هەبووە لە هەڵبژاردنەکاندا دەست نیشان دەکاو لەسەر هەریەکێ لەو هۆکارانە دەدوێ.

## Some Views on Sociology of Election

**Written by: Muslih Erwani**

At the beginning of this article, the writer considers election as a "social phenomena" he thinks that this mater should be discussed and inquired through sociological methods. He also set forth some serious questions. In the detail of his research, Erwani indicate those factors which had their roles in the Kurdistan elections and those which did not, and he discusses about each of them.

## پڕوپاگەندەو ریکلامی سیاسی
## هەڵبژاردن و کاراکتەری سیاسی کورد

**ن: هاوژین مەلا ئەین**

پاش ئەوەی لە بارەی هەریەک لە چەمک گەلی دیموکراسی و پڕۆسەی هەڵبژاردن و سیستەمی راگەیاندن هەندێ بیروبۆچوون دەخاتەڕوو، هاوژین خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانە دەکات بۆ پڕۆسەیە ریکلام و پروپاگەندەی سیاسی لە هەڵبژاردن. هەوڵیش دەدات لە پەیوەندی نێوان هەریەک لە دیموکراسی و هەڵبژاردن، ریکلام و هەڵبژاردن و کەناڵەکانی راگەیاندن لە پەیوەند بەریکلامی هەڵبژاردن لە کوردستان بکۆڵێتتەوە.

لە درێژەی ئەم باسەدا رەخنە لە هاوپەیمانییەتی پارتی و یەکێتی لەگەڵ ئیسلامیەکان گیراوەو خاڵە نێگەتیڤەکانی ئەم هاوپەیمانەتییە باس کراوە. باس لەو بابەت و ئاماژانە کراوە کە لە پڕوپاگەندەو ریکلامەکانی هەڵبژاردنەکانی ئەم جارەی کوردستان دەردەکەوتن.

## Political Propaganda & Election and Kurdish Political Character

**written by :hawzhin mala amin**

After he performs some view points on each terms and concepts like "democracy", "election processes", and" media system", Hawzhin makes a critical analyzing on advertisement process and political propaganda during the elections. Then he tries to examine the relation between election and with each of the terms like democracy, propaganda and media channels through comparing with the elect ional propaganda in Kurdistan. In this research P.U.K&K.D.P coalition with Islamic groups is criticized, and those points which raised and appeared from Kurdistan elect ional propaganda are discussed.

## «هەڵبژاردنەکانی کۆمەڵەی نیشتمانی عێراق و ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان و ئەنجومەنی پارێزگاکان، لە عێراق لە «٢٠٠٥/١/٣٠

**ئا: سەربەست مستەفا رەشید**

**و: دلشاد نامیق - بەسام عەلی**

ئەمە باسێکی چڕوپڕە کە لەلایەن مافناس (سەربەست مستەفا رەشید)ەوە ئامادەکراوە، پێکهاتووە لە سێ بەشی سەرەکی، لەم باسەدا هەوڵدراوە بەشێوازێکی ئەکادیمیانە لەو دەستەواژەو چەمکانە بکۆڵرێتەوە کە لەم باسەدا کاری لەسەر کراوەو توێژەر لە بەشی یەکەمدا ئاماژە بەو فەرمانانەی کە لە بارەی هەڵبژاردنەکانەوە لەلایەن دەسەڵاتی کاتی هاوپەیمانانەوە لە عێراق دەرچوون و ئەو نیزامانەی کە کۆمیسیۆن دەری کردوون دەکات. لە بەشی دووەمدا بەوردی باس لە رێوشوێنەکانی دەنگدان و رێوشوێنەکانی ژمادن و جیاکردنەوە دەکات و لە بەشی سێهەمدا، لەگەڵ ئەوەی کە باس لە لایەنە پۆزەتیڤەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکە دەکات، هەوڵیداوە هەندێ رووی لاوازو نێگەتیڤی پرۆسەکە بخاتەڕوو، توێژەر لە کۆتایی باسەکەیدا چەند پێشنیارێک دەخاتەڕوو کە بۆ بەڕێوەبردنی هەر هەڵبژاردنێک پێویستە.

## Iraqi National Assembly, Kurdistan National Assembly and County Assembly Elections of Iraq, In - 30/1/2005

written by: Sarbast mstafa

Trans: Basam Ali and Dlshad Namiq

This is a wide enough research which is prepared by the jurist "Sarbast Mustafa Rasheed" and consists of three main parts. This research tries to study the concepts and terms that are employed in it with an academic manner. In the first part, the researcher indicate those instructions had been given by coalition forces in Iraq and the system which electional commission suggested. In the second part he accurately discusses about the way of voting and counting the votes, and in the third part beside that he talks about the positive aspects of the election process, hr tries to show its negative parts and defects. In the end of his research the researcher suggests some suggestions needed foe any election.

## ئیسلامی سیاسی و مۆدێرنیتێ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

**ن: د.ماهر عەزیز**

**و: سامان هەڵەبجەیی**

لەم وتارەدا (ماهر عەزیز) بەکورتی بیروڕای هەندێ لە کۆمەڵناس و قوتابخانە ئەکادیمیەکانی لە بارەی ئیسلامی سیاسی خستووەتەڕوو، ئاماژەی بەبیروڕاو رەخنەکانی (زوبەیدە)داوە سەبارەت بەرۆژهەڵاتناسە تەقلیدییەکانی رۆژئاوا. لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا ناوی حیزب و بزوتنەوە ئیسلامییەکانی عێراق خراوەتەڕوو، بەکورتی ئاماژە بەدروستبوونی هەندێکیان دەکات و لەسەر (بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان) دەوەستێت و باس لە چۆنیەتی گەشەکردنی ئەو بزوتنەوەیەو حیزب و گروپە ئیسلامییەکانی دیکە دەکات لە کوردستان و عێراق.

## Political Islam and Modernity in the Middle East

**Written by: Mahir Aziz**
**Trans : Dr.Saman Halabjayi**

In this essay, Mahir Aziz briefly shows some academic schools and sociologist's opinion about political Islam. He points to Zubaida's observations and criticizing on conventional orientalists. In another part of his research, he mentions the names of some Islamic groups and parties in Iraq and briefly he discusses abut their establishment, and then he focuses on the "Islamic movement in Kurdistan", and speaks about their way of developing. He also talks about some other Islamic groups and parties who are found in Kurdistan as well as Iraq.

# فەندەمینتالیزمی ئیسلامی

و: ئاسۆ کەریم

ئەم باسە بریتییە لە دوو بەشی کتێبی (فەندەمێنتالیزم لە جیهانی عەرەبی) لە نووسینی «ریچارد هربر دیکمچیان)ە. لەم توێژینەوەیەدا بیروڕای ئیسلامی و رۆژئاوایی سەبارەت بە فەندەمینتالیزمی ئیسلامی کۆدەکاتەوە و هۆکارە مێژوویی و ئایینی و دەروونی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دەخاتەڕوو کە کار لەم دیاردەیە دەکەن و لە بابەت گەلی وەک پێگەی مێژوویی و هۆکارەکانی هاتنە ئارای فەندمینتالیزمی هاوچەرخی ئیسلامی و توخمە ئایدیۆلۆژیەکانی و شێوازو ئامانج و هێماو تایبەتمەندییەکانی ئەم دیاردەیەو بەرسڤ و کاردانەوەی دەوڵەتان لە هەمبەر فەندەمینتالیزمدا و فەندەمێنتالیزم ئیسلامی و بەربەرەکانی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو چەندین بابەتی دیکە دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

## Islamic fundamentalism
## written Rechard Herber Dekimichen

**Trans: Aso Karim**

This essay includes two parts of the book "fundamentalism in Arab World'" by {Richard Herbert Deckchaian} he has collected Islamic and western opinion about Islamic fundamentalism and offered historical, psychological, political, social and economical factors which have their effects on this phenomena. He analyses some subjects like historical positions and the factors beyond developing of Islamic contemporary fundamentalism and its ideological elements, aims, symbols and its peculiarities. Then he examines analyses the other states reaction towards fundamentalism and Islamic fundamentalism confliction against American interests and some other subjects in relate.